
# ناساندنی جۆرەک

کیبۆرد گرنگترین ئامرازە بۆ ئەنجامدانی فەرمان و ئەرکان لە کۆمپیوتەردا، (keyboard) کە بەمانای تەختەی دوگمەکان یان تەختەی کلیلەکان دێت، گشت ئەو ئەرك و فەرمانانەی کە بەکارهێنەری کۆمپیوتەر نیازی هەیە لەسەر پرۆگرامەکان، یاری، نووسینی دەق..تاد دەتوانێت بەهۆیەوە بە کۆمپیوتەرەکەی بسپێرێت. بەبێ بوونی کیبۆرد، ناتوانرێت هیچ سوودێك لە کۆمپیوتەر وەربگیردرێت، لەم دواییەدا جگە لە کیبۆردی حەقیقی، واتە ئەو کیبۆردەی دەتوانرێت دەست لە دوگمەکانی بدرێت و فەرمانەکانی پێ ئەنجام بدەیت، کیبۆردی مەجازیش هاتۆتە ئاراوە، کیبۆردی مەجازی بەو کیبۆردە دەگوترێت کە تەنیا شێوەی



## کیبۆردی جۆری Dinovo Edge

کیبۆردی جۆری Dinovo Edge بەرهەمی کۆمپانیای Logitechیە، تایبەتمەندیی کیبۆردەکە جیاوازە لە کیبۆردی دیکە، گشت دوگمەکانی لە جۆرە پلاستیکی روونی Plexiglas واتە هاوشێوەی جام، بەرهەم دروستکراون، خودی کیبۆردەکە لە ئەلەمینیۆم دروستکراوە، لە بواری دیزاینەوە زۆر سەرنجڕاکێشە. تایبەتمەندییەکی کیبۆردەکە ئەوەیە بەشێکی لەمسییە واتە Touchdisc کە بەهۆیەوە دەکرێت بەبێ ماوس ئەرکەکان ئەنجام بدەی. سیستەمی Perfectstrokeی هەیە کە دەکرێت بەهۆیەوە بەبێ هیچ دەنگێك تایپ بکەی.



## کیبۆرد و شاشە لەمسی هۆشمەند

ئەم کیبۆردە بۆ ئەوانەی کە سەیری فیلم دەکەن و کار لەسەر فیلم و مۆنتاژ دەکەن سوودێکی زۆری هەیە، بەهۆی ئەوکیبۆردە دەتوانرێت بە خێرایی و بە ئاسانی فیلم و فایلە دەنگییەکان بکەنەوە. چونکە 8 دوگمەی تایبەتی تێدایە کە بۆ ئەم مەبەستەداندراون، جگە لەوەش 12 دوگمەی دیکەیش کە هەندێك کارو

## کیبۆردی Cyborg

کیبۆردی جۆری Gyborg Gaming کیبۆردێکی پتەوە و لە راستیدا تایبەتە بە گەمەکردنی ئەلکترۆنی، ئەویش ئەو گەیمانەی کە ئەکشنن و جوڵەی زۆریان تێدایە، بۆ ئەوەی کە ئەگەر بەکارهێنەرەکەی لەکاتی یاریکردندا بەسەرخۆیدا زاڵ نەبوو، کیبۆردەکەی بە ئەرز دادا هیچی لێنەیەت.


لەسەرەوەی کیبۆردەکەدا چەند دوگمەیەك هەیە بۆ کۆنترۆڵی دەنگ و ئەرکەکانی مۆڵتی میدیا کە تەواو لەمسییە. 12 دوگمەی لە رۆخی کیبۆردەکە بۆ ئەوەی کە بەپێی پێویست پرۆگرامیان بۆ دابنێیت، واتە بەویستی خۆت هەر دوگمەیەك بۆ پرۆگرامێك تەرخان بکەیت. یان بۆ ئەوەیە کە لەکاتی یاریکردندا هەر دوگمەی بۆ جوڵەیەك دابنێیت، هەروەها دوگمەکانی D,W,A,S و ئەو دوگمانەی کە لای چەپ و راست و خوار و سەر نیشان دەدەن لە دوگمەکانی دیکە جیاواز کراون.



# ١ ـــــانی کیبۆرد

**کیبۆرد لەسەر شاشەیەك دەردەکەوێت و بە داگرتنی هێمای پیتەکان لەسەر شاشەکە دەکرێت فەرمانەکان وەك کیبۆردێکی ئاسایی ئەنجام بدەیت، بەڵام کە کوژاندتەوە یان لە پرۆگرامەکە چوویەدەر ئیدی کیبۆردەکە بوونی نامێنێت.. ئەو جۆرە کیبۆردە لە تەبلێت و مۆبایلە لەمسییەکاندا هەیە.**

**جۆرەکانـــی کیبۆرد گەلێکن، هەر کام لە کیبۆردەکان لەبواری دیزاین و کارکردەوە جیاوازن، هەندێك کیبۆرد جگە لەوەی هەندێك تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆی هەیە، لە بواری ســـتایل و دیزاینیشـــەوە جیاوازە، لەمەولا هەر جارە و هەندێك لەگەڵ چەند جۆرە کیبۆردێك ئاشناتان دەکەین.**



## کیبۆردێک دەستوخەتی بەکارهێنەرەکەی دەناسێت

یەکێك لە کیبۆردە سەرنجڕاکێشـــەکان ئەوەیە توانای ناســـینی دەســـتوخەتی هەیە، واتە ئەو خەتەی کە بە دەســـت دەنووسرێت، بەڵام لە کیبۆردەکەدا هێشتا زمانەکانی ئارامی واتە عەرەبی و کوردی و فارســـی زیاد نەکراون، تەنیا زمانەکانی ئینگلیزی، چینی و ژاپۆنی و ئەو وڵاتانەی کە بە فۆنتی لاتین دەنووســـن تێدایە، بەهۆی ئەو توانایەوە بە شێوەی ئۆتۆماتیك تایپ بکەیت، واتە بە دەســـتوخەتی خۆت لەســـەر شاشە لەمسییەکە بنووسی و کیبۆردەکە دەیکات بە فۆنتی کۆمپیوتەر. ئەو توانایە ئەوکاتە باشـــە کە دەستەکانت بەهۆی تایپ کردنەوە تووشی ئازار بوونە، یان چاوەکانت ماندووبوونە.



## کیبۆردی جۆری Goldtouch go

کیبۆردی جۆری GoldTouch Go کیبۆردێکی گونجاوە بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەشـــت و گەڕاندان و نیازیان هەیە لە گەشتەکەشـــیاندا کاری تایپ بکـــەن. هەروەك لە وێنەی کیبۆردەکەدا دیارە، کیبۆردەکە دەنووشـــتێتەوە و بۆ هەڵگرتن شـــوێنێکی کەمتر دەگرێت و بە ئاسانی دەکرێت لە پاڵیەکی بخەیەوە. لەگەڵ کیبۆردەکە، کەیسێکی تایبەت هەیە کە هەم کیبۆردەکە رادەگرێت و هەم لە کاتی گەشتدا لەکاتی کەوتنە خوارەوە دەیپارێزێت.

ئەرکی دی ئەنجام دەدەن، وەك گەورە کردنەوە، داخستنی خێـــرای پرۆگرامـــەکان، تایبەتمەندییەکی دیکەی کیبۆردەکە بوونی بەشێکی لەمسی هۆشمەندە لەلای راستەوە کە هەم ئەرکی ماوس ئەنجام دەدات و هەم کاری ئەو دوگمانە کە بۆ ژمارە داندراون.







# سایتێک دەزانێت چیتان لە زەیندایە!

ئێوە قەت پێکەوە یاریی هزری 20 پرسیاریتان کردووە، ئەمە جۆرێکە لە سەرگەرمی کە یەکێك کەسێك یان گیاندارێك یان شوێنێکی جوگرافی یان هەر شتێك بێت لە زەین دەگرێت و بەرامبەرکەی 20 پرسیاری لێدەکات و جار هەیە لە پرسیاری سێیەم و چوارەم ئەوەی لەزەینتدایە دەزانێت و جاریش هەیە هەر 20 پرسیارەکەش دەکرێت نازانێت.

سایتی akinator راست سەر ئەم بنەمایە چێکراوە، سایتەکە دەیان کاتژمێر سەرگەرمتان دەکات



و بەو پرسیارانەی دەیکات ئەو کەسەی لەزەینتاندایە هەڵیدەدات. پرسیارەکانی وەك مرۆڤە یان گیاندارە، ژنە یان پیاوە، مردووە یان ماوە؟ بەڵام دەبێت ئەو کەسەی لە زەینی دەگری، کەسێکی ناسراوی جیهانی بێت، نەك "مام عەلی و پوورە فاتێ"ی هاوسێتان!

شێوەی کارەکەی زۆر جێگای سەرنجە، لەو پرسیارە زۆرانەی کە دەیکات و لەو وەڵامانەی وەریدەگرێتەوە، داتاکانی خۆی رێکتر و رێکتر دەخات، تەنانەت گەر خۆشت وەڵامی پرسیارەکانت نەزانی بەشێکی هەیە بە ناوی "پێمولیە"! بەڵام سایتەکە تەواو ئینگلیزییە ئەوکەسەی کە سەردانی سایتەکە دەکات دەبێ شارەزای زمانی ئینگلیزی بێت.

# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی فیلمی DVD

بۆ دروستکردنی فیلمی DVD واتە دانانی چەندین فیلم لەسەر یەك DVD پێویستی بە پرۆگرامێکی تایبەتە کە ئەو ئەرکە ئەنجام بدات و بتوانرێت بە ئاسانی شریتەکانی تایبەت بە DVD بە ویستی خۆت چێ بکەیت. هەر کاتێك بتانەوێت فیلمەکانی خۆتان بە فۆرماتە جۆراوجۆرەکان بۆ دانان لەسەر DVD ئامادە بکەن کە بکرێت لەسەر DVD ماڵەوە سوودی لێوەربگیرێت، پێویستە سوود لە بگۆڕێك، کە فۆرماتەکە بگۆڕێت، وەربگرین. بەڵام ئەمرۆکە چەندین پرۆگرام هەن سەرەڕای ئەوەی کە فۆرماتی فیلمەکە دەگۆڕن دەتوانێت ستایلی جوان بۆ نیشاندانی فیلمەکە بۆ سەر DVD دروست بکات. پرۆگرامی Im Too DVD crater یەکێکە لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی ئەو بوارە. پرۆگرامێك کە دەتوانێت گشت فۆرماتە ڤیدیۆیەکان بگۆڕێت، ئەوپەڕی کوالیتی بەرز بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە ئامادە کراوە، بە جۆرێك کە بەکارهێنەر دەتوانێت بە کوالیتی HD کە ئەمرۆکە سوودی زۆری لێوەردەگیرێت DVD یەکانی دروست بکات، دانانی ستایلی سەرنجراکێش کە لەو پرۆگرامەدا هەیە هەروەها زیادکردنی ژێرنووس بۆ فیلمەکە و جگە لەوە پارچەپارچەکردنی فیلمە و زۆر تایبەتمەندی دیکە لە تواناکانی ئەو پرۆگرامەن.







# نۆتی بوک و هاردی 2 ترابایت

هارددیسك له كۆمپیوته‌ردا بۆ داكردن و خه‌زنكردنی داتاكان رۆڵێكی گرنگ ده‌بینێت، هه‌تا هارده‌كه له بواری هه‌ڵگرتنی داتاوه گه‌وره‌تر بێت، ده‌كرێت پرۆگرام و داتایه‌كی زۆرتری تێدا خه‌زن بكرێت، بۆ كۆمپیوته‌ری سه‌رمێز هارددیسكی گه‌وره شتێكی چاوه‌ڕوان نه‌كراو نییه، به‌ڵام بۆ نوت بوكێك بوونی هارددیسكی گه‌وره به‌مانای گۆڕانكاری له جیهانی نوتیبووك دادێت. له‌م دواییه‌دا كۆمپانیای گیگابایت نوت بوكێكی تایبه‌تی به‌رهه‌م هێناوه كه هاردیسكه‌كه‌ی 2 ترابایته. نوتی بوكی Gigabyte p2742G خاوه‌نی پرۆسیسه‌ری جۆری corei7ه، رامه‌كه‌ی 4 هه‌تا 8 گیگابایته.

نوتی بوكه‌كه بۆ گه‌یمه‌ره‌كانه، واته ئه‌وانه‌ی كه یاری ئه‌لكترۆنی ده‌كه‌ن. چونكه پرۆسیسه‌رێكی وابه‌هێز له‌گه‌ڵ كارتی شاشه‌ی جۆری GTX660M كه دوو گیگابایته ده‌كرێت بۆ گه‌یمه‌ره‌كان زۆر گونجاو بێت.

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی هارددیسكه‌كه‌ی 2 ترابایته، به‌ڵام هێشتاش چه‌ندین رێگای دیكه بۆ خه‌زنكردنی زیاتر له‌م نوتی بوكه‌دا به‌رچاو گیراون، وه‌ك شوێنی SSD كه توانای خه‌زنكردنی 127 هه‌تا 256 گیگابایتی هه‌یه. هه‌روه‌ها شوێنی دانانی هارددیسكی 720 گیگابایت و 1 ترابایتی. شاشه‌ی نوتی بوكه‌كه 17 ئینجه و كوالیتی نیشاندانی فول ئێچ دییه. نوتی بوكه‌كه خۆی دوو سیسته‌می ویندۆزی له‌سه‌ره كه یه‌كێكیان ویندۆز8ه.

# ته‌له‌ڤزیۆنی له‌یزه‌ریش به‌رهه‌م هات



له‌م ده ساڵه‌ی دواییدا ته‌له‌ڤزیۆن گۆڕانكارییه‌كی جددی به‌خۆیه‌وه دیوه، ته‌له‌ڤزیۆنه‌كانی پلاسما LCD, LED, OLED به‌رهه‌م هاتن، له‌م دوو ساڵه‌ی دوایشدا ته‌له‌ڤزیۆنی هۆشمه‌ند واته smart TV به‌رهه‌م هات كه جگه له‌وه‌ی وه‌ك ته‌له‌ڤزیۆن ئه‌ركی نیشاندان و بڵاوكردنه‌وه‌ی ده‌نگ و ره‌نگی هه‌یه، ده‌كرێت وه‌ك كۆمپیوته‌ریش هێڵی ئه‌نته‌رنێتی پێوه‌ربگیرێت و چه‌ندین ئه‌ركی دیكه‌ش ئه‌نجام بدات. له‌م دواییه‌دا له‌لایه‌ن كۆمپانیای LGیه‌وه ته‌له‌ڤزیۆنی له‌یزه‌ری هاته به‌رهه‌م.

ته‌له‌ڤزیۆنی Hecto له‌راستیدا پرۆژكته‌رێكی له‌یزه‌ری زۆر به‌هێزه، كه به‌دانانی له مه‌ودای 56 سم دیوارێكی سپی، وێنه‌ی 100 ئینجی نیشان ده‌دات، نیشاندانێك به كوالیتی فول ئێچی دی، ته‌له‌ڤزیۆنه‌كه بۆ هۆڵ و شوێنه‌كانی رێوره‌سم و ڤێللا و ماڵه گه‌وره‌كان زۆر له ته‌له‌ڤزیۆنێكی دیكه گونجاوتره. پرۆژكته‌ر تیڤییه‌كه، بڵندگۆی 10 واتی هه‌یه. هه‌روه‌ها شوێنی دانانی سێ كێبڵی HDMI هه‌یه، له‌گه‌ڵ شوێنی دانانی كۆمپیوته‌ریش. به ریمۆت كۆنترۆڵی سیحریش كۆنترۆڵ ده‌كرێت.

# ڕێكخستنێكی نوێ له پرۆفایلی فه‌یسبووكدا




له كۆتایی ساڵی 2012دا فه‌یسبووك كه گه‌وره‌ترین تۆڕی كۆمه‌ڵایه‌تییه، رێككردنێكی نوێ بۆ پاراستنی پرۆفایلی به‌كارهێنه‌ره‌كانی داناوه، له‌راستیدا هه‌رچه‌نده پێشووتریش به‌شێك له‌م خزمه‌تگوزارییه نوێیه له فه‌یسبووكدا هه‌بوو، به‌ڵام ئێستا فه‌یسبووك ئاسانكاری زیاتری تێدا كردووه، ئێستا ئه‌م خزمه‌تگوزارییه نوێیه به‌هێمای ئه‌یكۆنێكی «قفڵ» له شریتی فه‌یسبووكدایه. له تایم لاین (timeline) فه‌یسبووكدا شوێنێك هه‌یه بۆ tag كردنی وێنه‌یه‌ك له راستیدا تاگ كردن له‌گه‌ڵ شاردنه‌وه جیاوازه. تاگ كردن به‌مانای ئه‌وه‌یه كه ئه‌م وێنه‌یه له به‌رچاو لاده‌بات، ئه‌وه به‌و مانایه نایه كه كه‌سی دیكه ناتوانێت ئه‌م وێنه‌یه ببینێت. به‌ڵام له خزمه‌تگوزارییه نوێیه‌كه‌دا له به‌شی activity feed ده‌توانیت فیلته‌ری نوێ بۆ نیشاندانی وێنه شارددراوه‌كان دابنێیت. له‌و خزمه‌تگوزارییه نوێیه‌دا بۆ نموونه ئه‌گه‌ر په‌یوه‌ندیتان له‌گه‌ڵ كه‌سێكدا له فه‌یسبووكدا نه‌ماوه، ده‌توانیت هه‌موو شته‌كانی تایبه‌ت به‌و كه‌سه بسڕیه‌وه، له‌و خزمه‌تگوزارییه نوێیه‌دا ده‌توانیت ته‌نیا وێنه باشه‌كانت، گه‌شته خۆشه‌كانت و هه‌ر شتێك كه به باشی ده‌زانی بیهێڵیه‌وه. ته‌نانه‌ت له‌م خزمه‌تگوزارییه نوێیه‌دا ده‌زانیت چ كه‌سێكی دیكه له ده‌ره‌وه‌ی پرۆفایله‌كه‌ت به‌ناوی تۆوه ئه‌كاونتیان كردۆته‌وه.

# هه‌ر جاره و وه‌ڵامی پرسیارێك

خوێنه‌رێكی به‌ڕێز ده‌پرسێت، من لاپتۆپێكم هه‌یه كه له‌ناكاو و له كاتی دیزاین یان گه‌مه‌كردن ده‌كوژێته‌وه، چه‌ندین جار ئه‌و كێشه‌یه‌م بۆ هاتۆته پێش هۆكاری ئه‌وه بۆچی ده‌گه‌ڕێته‌وه؟ ویندۆزه‌كه‌شم گۆڕی پێموابوو هه‌ڵه‌كه له‌وه، به‌ڵام كێشه‌كه هه‌ر وه‌ك خۆیه‌تی ئێستا چ هه‌نگاوێك بگرمه به‌ر؟

خوێنه‌ری به‌ڕێز هۆكاری سه‌ره‌كی كوژانه‌وه‌ی لاپتۆپ یان كۆمپیوته‌ری سه‌رمێز بۆ گه‌رمداهاتنی CPU ده‌گه‌ڕێته‌وه، واته ئه‌گه‌ر CPU له راده‌به‌ده‌ر گه‌رم بێت، ئۆتۆماتیكی لاپتۆپه‌كه ده‌كوژێته‌وه، ده‌كرێت به‌هۆی پرۆگرامێكی زۆر بچووك كه ناوی speedfan واته خێرایی په‌نكه‌ی لاپتۆپ گه‌رمی CPU بزانرێت، كارنه‌كردنی په‌نكه‌كان هۆكارێكه بۆ گه‌رمداهاتنی CPU، ئه‌گه‌ر په‌نكه‌كان تۆز و خۆڵ به‌ری گرتبن به‌و جۆره‌ی پێویسته كارناكه‌ن، ده‌كرێت له‌كاتی كوژانه‌وه‌ی لاپتۆپدا به هه‌وایه‌كی زۆر كه‌م كه زیان به ئامێره‌كانی دیكه‌ی لاپتۆپه‌كه نه‌گه‌یه‌نێت پانكه‌كان خاوێن بكرێنه‌وه، هۆكارێكی دیكه‌ی گه‌رمداهاتنی CPU بۆ ئه‌وه ده‌گه‌ڕێته‌وه كه لاپتۆپه‌كه‌ت له‌سه‌ر شتێكی نه‌رم داناوه وه‌ك به‌تانی یان پارچه‌یه‌كی نه‌رم، شتی نه‌رم ده‌بێته هۆی ئه‌وه‌ی كه نه‌هێڵێت هه‌وای گه‌رمی ناو لاپتۆپه‌كه ده‌ربچێت، بۆیه هیچ كات لاپتۆپ له‌سه‌ر شتی نه‌رم دامه‌نێن، باشترین رێگاش ئه‌و مێزانه‌ن كه خۆیان پانكه‌یان له ژێره‌وه هه‌یه، ئه‌و رێنوێنیانه وه‌به‌رچاوبگره ئیدی لاپتۆپه‌كه‌ت ناكوژێته‌وه، پێویست به فۆرماتكردن ناكات، چونكه فۆرمات هیچ چاره‌یه‌كی ئه‌م كێشه‌یه ناكات.